# هاوده‌نگی و پشتیوانی له‌ بانگه‌وازه‌كه‌ی
# زانای گه‌وره‌ مامۆستا عه‌بدولره‌قیب یوسف..
هه‌ڵۆ به‌رزنجه‌یی ١٠.١٠.٢٠٢٦

به‌ تاسه‌وه‌ گوێم بۆ په‌یام و بانگه‌وازه‌كه‌ی مامۆستا عه‌بدولره‌قیب بڵاوی كردۆته‌وه‌ گرت .
به‌ باوه‌ڕێكی ته‌واوه‌وه‌ له‌ هه‌ست و په‌رۆش و خه‌مخۆری مامۆستای گه‌وره‌مان بۆ داروبه‌رد و شوێنه‌ پیرۆز و مێژووییه‌كانی كوردستان و ته‌واوی میرات و مێژوو و كه‌له‌پووری كوردی تێده‌گه‌م و ده‌زانم تاكه‌ مۆتیڤی پاڵنه‌ری بۆ ئه‌م بانگه‌وازه‌، له‌ دڵسۆزی و به‌ته‌نگه‌وه‌ هاتنه‌ بۆ میراتی نه‌ته‌وایه‌تیمان .
مێژووی تژی له‌ سه‌روه‌ری و شانازی و تێكۆشانی ته‌مه‌نی مامۆستا و هه‌وڵ و تێكۆشانه‌كانی له‌ پێناوی پاراستن و كۆكردنه‌وه‌ و زیندووكردنه‌وه‌ و ناساندنی میراته‌كه‌مان و ئه‌و به‌رهه‌مانه‌ی بڵاوی كردوونه‌ته‌وه‌، به‌ڵگه‌ و دیكۆمێنتی نه‌مریی بیركردنه‌وه‌ و هه‌ڵوێست و دڵسۆزی و بێنیازیی مامۆستان.ئه‌م راستییه‌ش وه‌ك تیشكی خۆری دره‌خشان، روون و دیاره‌ و هێز نییه‌ بتوانێ نكۆڵی لێ بكات.

بانگه‌وازه‌كه‌ی مامۆستا رووی له‌ ده‌وڵه‌مه‌ندان و بازرگان و خێرخوازه‌كانه‌ له‌ كوردستان و شاری سلێمانی به‌تایبه‌ت. تكایان لێ ده‌كات به‌ ئه‌ركی مێژوویی و نه‌ته‌وایه‌تی و مۆراڵی خۆیان ڕابن و به‌شداری له‌ پاراستن و زیندووڕاگرتنی كه‌له‌پووری نه‌ته‌وایه‌تیماندا بكه‌ن.. سه‌ردانی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی شوێنه‌وار بكه‌ن و بكه‌ونه‌ خه‌مخۆری نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی ئه‌و خانوو و جێگه‌ و شوێنه‌واره‌ مێژوویی و كه‌له‌پوورییه‌ گرنگانه‌ كه‌ پطویستیان به‌ خزمه‌تكردن هه‌یه‌ و پێناسه‌ی ره‌سه‌نایه‌تی و سیمای رازاوه‌ی كوردستان و شار و شارۆچكه‌كان و مێژوو و كه‌له‌پووره‌ تایبه‌ته‌كه‌ی و له‌ خۆ ده‌گرن.
له‌ مێژووی گه‌لاندا زۆرن ئه‌وانه‌ی بۆ بچوكترین كه‌ره‌سه‌ی كه‌له‌پووری نه‌ته‌وایه‌تییان به‌ هه‌زاران دۆلاریان خه‌رج كردوه‌ .ئێستا وڵاته‌ پێشكه‌وتووه‌كان بۆ كڕین و پاراستنی تابلۆیه‌ك، ده‌ستنووسێك، به‌ڵگه‌نامه‌یه‌ك یان هه‌ر كه‌ره‌سه‌یه‌كی تری مێژوویی و فه‌رهه‌نگی و كولتووری خۆیان سامانی زۆر ته‌رخان ده‌كه‌ن و كۆمیسیۆن و وه‌زاره‌ت و حكومه‌تی ده‌خه‌نه‌ خزمه‌ته‌وه‌. نه‌ته‌وه‌یه‌ك كه‌ كه‌له‌پووره‌كه‌ی ده‌پارێزێت، ڕه‌گ و ڕیشه‌ی خۆی ده‌پارێزێت؛ چونكه‌ نه‌ته‌وه‌ بێ مێژوو و ناسنامه‌، وه‌ك دارێكه‌ بێ ڕه‌گ وایه‌.
له‌ زۆر وڵات سه‌رمایه‌داره‌ خێرخوازه‌كان بۆ خۆیان وه‌قف Foundation و ده‌زگه‌ی سه‌ربه‌خۆیان دروست كردووه‌ و خه‌ریكی نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی كلێسا و شانۆ و قوتابخانه‌ و كتێبخانه‌ و قه‌ڵا و شوێنه‌واره‌ مێژوویی و كه‌له‌پوورییه‌كانیانن.

وەک David Ruhendtein ی ئەمەریکی زیاتر لە ٢٥ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم جۆرە کارانە پێشکەشکردووە. لە ئەڵمانیا خێزانی Oetker لەڕێی دەزگەی

Rudolf August Oetker Stiftung

یان

Ernst von Siemens Kunststiftung

زیاتر بایەخ بە پاراستنی کار و تابلۆی هونەریی دەدات ..
دیسان لە ئەڵمانیا دەزگەیەک هەیە بە ناوی

Deutsche Stiftung Denkmalschutz DSD

نزیکەی ٢٠٠ هەزار خێرخواز پێکەوە هاوکاری دەکەن و بەڕێوەی دەبەن . ئەم دەزگەیە ساڵانە نزیکەی ٢٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ نۆژەنکردنەوەی ٦٠٠ شوێنەواری کەلەپوورییەکان خەرج دەکەن. هەردوو کەسایەتی فەڕەنسایی

Bernard Arnault & François Pinault کاتێ Notre-Dame in Paris

سووتا ٤٠٠ ملیۆن یۆرۆیان بۆ نۆژەنکردنەوەی بەخشی.. سەدان و هەزاران نموونە تر لە کەسایەتی خێرخواز و دەزگە لەم سەر گۆی زەوییە هەن ئەم جۆرە کارانە بەڕێوە دەبەن .

لەکاتێکدا هەریەک لەمانە خاوەنی دەوڵەتی بەهێز و گەورە و دامەزراوەن، کە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی زۆریان هەیە تەرخانە بۆ ئەم جۆرە کارانە .بەڵام هاونیشتمانی و سەرمایەداری خێرخواز و نیشتمانپەروەر بێ گوێدانە بەرپرسیارێتی و کاروباری فەرمی دەوڵەت ئەوانیش ئەرکی نەتەوەیی خۆیان جێبەجێ دەکەن.
کورد کە خاوەنی دەوڵەت نییە و هیچ بەڕێوەبەرایەتییەکی بەهێز و کارای نییە بەم کارانە هەڵسێ.. هاوکات دوژمنان و داگیرکەرانی هەڕەشەی نەمانی لێ دەکەن، بۆیە گرنگ دڵسۆزانی نیشتمان بەچاوێکی بایەخەوە لەم پرسە بڕوانن. دیارە هەموو دەزانین کە لەناوبردنی شوێنەوار، تەنها لەناوبردنی بەرد و تەختەی خانوو و ماڵ و شوێنی گشتی نییە؛ بەڵکوو، سڕینەوە و فەوتانی یادەوەریی و ناسنامەی باووباپیرانە .

من نامەوێت لیستی ئەو شوێنانە بنووسم کە پێویستیان بە رزگارکردن لە فەوتان و نەمان هەیە، چونکە ئێستا زانایەک بە باڵای چەندین وەزارەت و حکومەت بەرزتر، توانیویەتی گەورەترین خەرمانی سەرمایەی کەلەپووری کورد کۆبکاتەوە و بپارێزێ، لە ماڵپەڕ و ئەرشیفی خۆیدا ئەم شوێنانەی بۆ تۆمار کردوین.
هەر لەم روانگەیەوەیە کە زانای ناوبراو داواکارە دڵسۆزانی نەتەوەکەی بەدەم بانگەوازەکەیەوە بێن و بەهەوڵ و پەرۆشی دڵسۆزانە ئەو سامان و سەرمایە

کەلەپووریی و شوێنەوارە گرنگە هەرە هەرە بەنرخەی بوونی نەتەوایەتی کورد بپارێزن و لە فەوتان رزگاریان بکەن و ئەگەر پێویستە نۆژەن بکرێنەوە.
ئابڕومەندی و ناموسێکی گەورەی بەهادارە، هەر کەسێک لەم رووەوە ئاوڕ بداتەوە لە پەیام و بانگەوازی مامۆستای خەمخۆر و خواست و ئاواتەکەی و ئەو پێداویستییانەی رووبەرووی دەوڵەمەندان دەبێتەوە.

ئەوەی مامۆستا عەبدولرەقیب کردوویەتی بە دەیان وەزارەت نەکراوە و ناکرێت.
دڵسۆزانی کورد و کوردستان ئەم بانگەوازەی مامۆستا بە گرنگ وەرگرن تا سەروەری مێژوومان گەشاوەتر بێت و بەدەنگ پەیامەکەیەوە بچن و بیسەلمێنن، باوەڕ و هەست و خۆشەویستیتان بەنەتەوە و نیشتمان لە بن نەهاتووە. کوردستانیش خاوەنی رۆڵەی ڕەسەنی خۆیەتی و ئامادەن خزمەتی بکەن.
مامۆستا عەبدولرەقیب باشترین میتۆدی بۆ رزگارکردنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی گرتۆتە بەر. لەم پانتاییەشدا هیچ بیری لە خۆی نەکردۆتەوە، هێندەی گیانی بەسەر نەخشونیگاری وەستایەکی دەستڕەنگینی کوردەوە دەردەچێت، هێندەی لەو خەمەدایە، بڵێ کوردیش خاوەن شارستانێتی و کەلەپوور و مێژوویەکی دەوڵەمەندە، ئەوە نییە بەڵگە و شوێنەوارەکان خۆیان زیندوون و دەدوێن.

ئەوە نییە شاعیر دەفەرمووێ زەڕەیەک لە خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری .
دڵسۆزان و خێرخوازانی کوردستان لە ئاستی کارەساتەکانی رۆژئاوا و هەولێر و چەمچەماڵ مێژوویەکی جوانیان تۆمار کرد و ئێستا گرنگە ئاستی هوشیارییان بەهێزتر و بەرزتر بکەن و ئاوڕی ڕژد لەم پرسە گرنگەی شوێنەوار بدەنەوە. ئاخر شانازی بە نیشتمانەوە هەر بە تەنیا بە قسە نییە؛ بە پاراستنی زمان، کولتوور، مێژوو و کەلەپوور و یەکتر خۆشویستن، کە هەموو ئەم بنەمایانە ناسنامەی کوردبوون پێک دێنن.
کوردستان نیشتمانی هەژار و دەوڵەمەندە و هەر خزمەتێک بکرێ دەبێتە مایەی مسۆگەرکردنی ژیانێکی خۆش و ئارامتر بۆ نەوەکانی .لەبەرئەوەی سامانی شوێنەوار و کەلەپوور میراتێک نییە کە تەنها لە ڕابردوودا بیهێڵینەوە و تەواو ، بەڵکوو ئەمانەتێکە لە نەوەکانی پێشووەوە وەرمان گرتووە و دەبێت بە سەلامەتی بیدەینە دەست نەوەکانی داهاتوو.
شوێنەوار و کەلپوور ناسنامەی زیندوو و ڕەگی مێژوویی هەر میللەتێکن. لە رووی مێژوویی و فەرهەنگی و کولتووریی و سیاسییەوە بایەخی خۆیان هەیە و گەلێک جار لەرووی ئابووریشەوە دەبێتە سەرمایەکی باش بۆ وڵات. گرنگی و خۆشەویستی بۆ ئەم بەهایانە تەنها وابەستەیی بە ڕابردوو نییە، بەڵکوو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مانەوە و بەردەوامیی گەل و نەتەوەکان بە زیندوویی.

دوا وتە، شاعیر وتەنی و منیش دەڵێم:
نیشتمان ڕووبارێکە و ماسییەکانی ئێمەین
نیشتمان دارێکە و باڵندەکانی ئێمەین
کە ڕووبارەکە وشک دەکات، ئێمە دەمرین
کە دارەکە دەبڕنەوە، ئێمە هەڵدەوەرێین
نیشتمان دایکە،
کێ هەیە دایکی خۆی خۆش نەوێت؟
****

